# ئاینده

ژماره (١٤٩) ساڵی سیانزەیەم
هەینی، ٢٠١٠/١/١
یەکەم ژمارەی ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە
www.khushkan.org

ڕۆژنامەیەکی تایبەت بە ژنانە، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان مانگی دووجار دەریدەکات


## بروسکەی پیرۆزبایی

بسم الله الرحمن الرحیم

(والسلام علی یوم ولدت و یوم اموت و یوم ابعث حیا . ذلک عیسی ابن مریم قول الحق الذی فیه یمترون).

بەبۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی حەزرەتی (عیسای کوڕی مریەم) سەلامی خوای لەسەربێتو هاتنەوەی سەری ساڵی زاینیەوە، پیرۆزبای گەرم ئاراستەی خوشکو برا مەسیحیەکانی جیهان بەگشتیوکوردستان بەتایبەتیو جەماوەری میللەتەکەمان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات دەکەین. هیواداریین ساڵی نوێ بەرجەستەبوونی زیاتر پێکەوەژیانی ئاینو نەتەوەکانی وڵاتەکەمان بێتو ئارامیو ئاشتی میوانی هەتاهەتای میللەتەکەمان بێت، دووبارە پیرۆزبێت.

سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان

# پرۆژەی هۆشیاریو ڕێنمایی تەندروستی بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە سلێمانی جێبەجێکرا





**ئاینده- سلێمانی** ..........

لەبەرواری ٢٠٠٩/١٢/١٩ تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانو کۆمەڵگەی مەدەنی، پرۆژەی هۆشیاریو ڕێنمایی تەندروستی بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژبەژنان بۆ هەر سێ نەخۆشخانەی منداڵبوونو منداڵانو بوژانەوەی دڵ، جێبەجێکرا. بۆ ئەم مەبەستەش ئەندامانی تۆڕی هاوبەش دابەشبوون بەسەر سێ تیمدا، هەر تیمەی لەیەکێک لەو سێ نەخۆشخانەیەدا بابەتیان سەبارەت بەپێویستی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشدا پێشکەشکرد.

دڵخواز عەبدوڵڵا ئەندامی تۆڕی هاوبەشو بەرپرسی پەیوەندییەکانی سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکان، بابەتێکی چڕوپڕی لەنەخۆشخانەی منداڵبوون سەبارەت بەئەرکی نەخۆشخانەی منالبوون بەرامبەر بەنەخۆشەکانی پێشکەشکرد.

لەمیانەی بابەتەکەیدا ئاماژەیکرد بۆ گرنگی کارەکەیان لەلایەنی مرۆییو دەروونیو رۆحیەوە، تیشکیشی خستەسەر ئەو کەموکوڕیانەی کە لەلایەن وەزارەتو حکومەتەوە هەیە، لە قەڵەباڵغی نەخۆشخانەو کەمی خزمەتگوزارییەکانو بەدەمەوە نەچوونی کارمەندانو ئومێدی خواست کە بەحکومەتو ڕێکخراوەکانو ستافی نەخۆشخانەکەوە بتوانن بەئەرکو رۆڵی بەرچاوی خۆیان هەستن بەرامبەر بەو توێژەی کۆمەڵگە کە هۆکارە بۆ بەردەوامی مرۆڤایەتی.

لەلایەن ئامادەبووانیشەوە پێویستی خۆیان بەو ڕێنماییو هۆشیارکردنەوەیە خستەڕوو، بەردەوامبوونی ئەم جۆرە پرۆژانەیان بەپێویست ناوزەند کرد.

# سکرتاریەتی خوشکان خولێکی ڕۆشنبیری بۆ ئەندام لقەکانی دەکاتەوە

**ئاینده - سلێمانی** ..........

لەژێر دروشمی (گەشــەدان بەڕۆشنبیری خوشکان، برەودانە بەڕۆڵیان لەخزمەتکردنی کۆمەڵگەدا)، سکرتاریەتی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، خولێکی ڕۆشنبیری بۆئەندامانی لقەکانی لەهۆڵی گەشەپێدان لەبەرواری (٢٠٠٩/١٢/٢٧) لەسلێمانی کردەوە.

لەخولەکەدا کەڕۆژێکی خایەند، چەندین بابەتی بەهێزو سەردەمیانە بەشێوازی پێشکەوتوو لەلایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزاوە وترایەوە.

بابەتەکانیش بریتی بوون لە:

-بابەتی (ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەئافرەتان) لەلایەن ئەندازیار (بەیان نوری).

-بابەتی (پابەند بوون) لەلایەن مامۆستا (تریفە جەلال)

-بابەتی (کەسێتی کادری ڕیکخراوەیی) لەلایەن مامۆستا (بێخاڵ ئەبوبەکر).

-بابەتی (گەشەدان بەتوانا خودییەکان) لەلایەن دکتۆر (صهیب ئامێدی).

ئەمەو خولەکە بەبەشداری ئامادەبووان بەگفتوگۆی چڕوپڕ لەسەرتەوەری بابەتەکان، کۆتایی هات.



# وەرەمی شێرپەنجە هەڕەشە لەژیانی عێراقییەکان دەکات

**ئاژانسەکان** ..........

بەرپرسانی عێراقی دووپاتیانکردەوە کە حاڵەتی تووشبوون بەشێرپەنجەو شێواویو کەمئەندامی لە لەدایکبوواندا، بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی ئەم حاڵەتەش پیسبوونی ژینگەیە کە دروستبووە لەبەکارهێنانی چەک لەدرێژەی ساڵانی شەڕدا. ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە دەربارەی بەرزبوونەوەی ژمارەی توشبووان بەنەخوشی شێرپەنجە لەهەردوو پارێزگای بەسرەو ئەنباردا، کە لەچەند ساڵی ڕابردوودا کردەوەی سەربازیو لە جۆرە جیاوازەکانی چەکو تەقەمەنیو بۆمبی تێدا بەکارهاتووە. لەشاری فەلوجەدا کە دوو شەڕی زۆر قورسی هێزە ئەمریکیو لادەرەکان دوای ساڵی (٢٠٠٣) روویاندا، هۆکاری بەرزبوونەوەی زۆرترین حاڵەتی لەدایکبوون بەمردوویی، یان کەمئەندامو تووشبوو بەشەلەلو چەندان نەخۆشی ترسناکی تر کە پزیشکەکان گیرۆدەن بەدەستیەوە دەرکەوتووە، بەڵام لەبەسرەدا کە شانۆی شەڕە یەک لەدوایەکەکانی کەنداوە، لەرۆژنامەیەکی تەندروستی کە زانکۆی بەسرە دەریدەکات، ئاماژە بەوەدەکات ئەو منداڵانەی بەنەخۆشی شیرپەنجە دەمرن، بەڕێژەی (٦٥٪) لەساڵی (١٩٩٧) و بەڕێژەی (٦٠٪) ساڵی (٢٠٠٥).

راپۆرتی کۆمەڵەی لێکۆڵەرانی شێرپەنجە لەبەسرە، ئەوە دەردەخات ژمارەی تووشبووان بەوەرمی شێرپەنجەی خراپو جۆرەکانی کە لەمەوپێش نەناسراون، ژمارەیەکی مەترسیدارە، بەڵام ئەوانەی لەم کۆمەڵەدا کاردەکەن بەردەوامن لەگەڕان بەدوای هۆکارەکانی تووشبوون بەم نەخۆشیەو کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگە لەسەر بڵاوبوونەوەی.

# باڵاپۆشی لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەرەدەسەنێت

**لها اون لاین** ..........

ڕۆژنامەی (کریستیان ساینس مونیتور)ی ئەمریکی روونیکردەوە، بەهۆی داگیرکاری سەربازی هێزەکانی ئەمریکاوە بۆ چەند وڵاتێکی ئیسلامی وەک عێراقو ئەفغانستان، باڵاپۆشی لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووەو پەرەیسەندووە.

ڕۆژنامەکە لە راپۆرتەکەیدا ئەوەشی روونکردەوە، بڵاوبوونەوەی باڵاپۆشی لەوڵاتانی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز، گرنگترینیان زۆری رەوەندی ئافرەتانی موسڵمانە لەئەمریکادا، هەروەها داگیرکاری سەربازی ئەمریکی بۆ چەند وڵاتێکی ئیسلامی، جگە لەو ناسینە فراوانەی کە لەدوای ١١ی سیبتەمبەرەوە بۆ ئیسلام لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکادا بەرچاودەکەوێت.

هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە باڵاپۆشی بووەتە هۆی سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر لەکاتی ڕووداوەکاندا، وتیشی کە زۆرینەی موسڵمانان وادەڕواننە داپۆشینی سەریان کە هەڵقوڵاوی پابەندبوونیانە بە بنەماکانی ئاینو وەڵامدانەوەی فەرمانەکانی خوای گەورەیە، لەهەمانکاتدا لەسەربەخۆییان لەکاتی کارکردن یان لەماڵەوە کەمناکاتەوە.

ڕۆژنامەکە بەوە کۆتایی بە راپۆرتەکە هێنا کە "باڵاپۆشی بەگەورەترین هێمای بەرزی ئیسلامی دادەنرێت، هەروەها لە تەکساسەوە تا پاریس باڵاپۆشی گرنگی خۆی بەدەستهێناوەو بووەتە تەوەری گفتوگۆو قسە لەسەرکردن لەشوێنی گشتییەکانو لەناو دادگادا.


2010 Aynda Calendar

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا ڕۆژژمێری ساڵی نوێ بەدیاری پێشکەشە